سەماحەتی حەکیم لەگەڵ بایەزی ئیسپانی ڕووداوەکانی ناوچەکە تاوتوێ دەکات و داوا دەکات گەورەترین کەمپانیاکانی ئیسپانیا لە عێراق ئامادەبن



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز و خاتوون ئێلیسیا دیل بالیفار بایەزی ئیسپانیا لەعێراق، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندی دوو قۆناغی نێوان هەردوو وڵات کرا، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە ئامادەبوونی کەمپانیا ئیسپانیاکان گرنگی هەیە بۆ دەخی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لە وڵات.

سەماحەتی سروشتی سەقامگیری ئێستای عێراق لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کەمڵایەتی بە بالبەزی ئیسپانیا ڕوونکردەوە و بڕپرسیارێتی پاراستنی خستە ئێستای هەمووان، بە ئاوڕی کار لەسەر پاراستنی ئاو دەستکەوتە بکەن و بە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی بگەن.

سەبارەت بە پێشهاتەکانی ڕووداوەکانی غەزە و لوبنان سەماحەتی سەرکۆنەی هەڵوێست و کارەکانی قوارەی زایۆنی کرد بەتایبەتی ئاو تاوانانەی دژەڕەق بە هاوڵاتیانی فەلەستین لە باکووری غەزە کراوە و داوای کرد شەڕی بەرامبەر لوبنان و غەزە بوەستێنرێت و هاوکاری مرۆیی بچێتە ناوەوە و هاوکاری ئاوارەکان بکرێت و شارەکان ئاوەدان بکرێتەوە، گوتیشی هەشداریمان داوە لەوەی شەڕەکە شوێنەکانی دیکەی ناوچەکەش دەگرێتەوە و ئاوەش کاریگەری لەسەر ئەمن و ئاسایشی جیهان و سەقامگیری نێودەوڵەتی دەبێت.